



# کیبۆردێکی نوێ بە بەرگێکی کۆن

ئەگەر ئاوڕدانەوەیەك بۆ سـەردەمی بەر لە پەرەسەندن و گشتگیربوونی کۆمپیوتەر بکەین، دەبینین ئامێری تایب واتە (طابعة) گشـت ئەرکێکی چاپەمەنی و ئیداری ئەنجام دەدا. کتێب و چاپەمەنی مێژوویەکی زۆرە قەرزداری ئەم ئامێرەن.

بەم دواییە کۆمپانیایەك بۆ یادکردنەوەی ئەم ئامێرە کیبۆردێکی نوێی لە سـتایلی تایب دروسـت کردووە، کە بە کیبۆردی جۆری Qwerkywriter ناسراوە، ئەم کیبۆردە نوێیە داکێکی هەیە بۆ پەیوەندی لە نێوان تەبلێت و کۆمپیوتەر، خودی کیبۆردەکە 84 دوگمەی هاوچەشـنی دوگمەی تایبی هەیە، هەروەها شـوێنی دانانی USB هەیە لەگەڵ شـوێنێك بۆ دانانی CMD بۆ بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەری ئەپڵ. دیارە کیبۆردەکە وەك ماشـێن تایبێك قورس نییە، بەڵام کێشیشـی بەراورد بە کیبۆردێکی ئاسـایی کەم نییە، چونکە کیلۆ و نیوێك بۆ کیبۆرد زۆرە، کیبۆردەکە وەك ئاماژەم پێدا زیاتر بۆ بیرخستنەوەی ماشێن تایبە، ئەگینا رۆڵێکی گرنگ نابینێت.




# گەڕاندنەوەی شریتی ستارت بۆ ویندۆز ٨

ئەوانەی کە ویندۆز8 بەکار دێنن، یەکەم گرفت کە تووشـیان دێت، ئەوەیە کە شـریتی start لە ویندۆز8دا نییە، ئەم شـریتەی کـە بەکارهێنەر بەر لە ویندۆزXPیش بەکاری دەهێنا و لەگەڵی راهاتبـوو، کە یەکەمجار ویندۆز8 دەکەیەوە تووشـی ستایلێکی جیاواز دەبی لە ویندۆزەکانی دیکە، بۆیە بەکارهێنەر سـەری سوڕدەمێنێ و هەتا لەگەڵی رادێ زۆری پێدەچێت.

پرۆگرامـی بچووکی stardock start8 پرۆگرامێکە کە شـریتی سـتارت بۆ ویندۆز8 دەگێڕێتـەوە. تواناکانی ئەم پرۆگرامە ئەوانەن:

- زێدەکرنی شریتی ستارت لە تاسکباری ویندۆز8
- زێدەکردنی شریتی ستارتی ویندۆز7 بۆ ویندۆز8
- دانانی دوگمەی کوژانەوەو پێکردنەوەی کۆمپیوتەر وەك پێشوو.

# شەحنکەرەوەیەکی بچووک بەڵام کاراییەکی مەزن




دابەزاندنی شـــەحنی باتری ئامێرە دیجیتاڵییەکان بۆتە کێشەیەك بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ئامێری دیجیتاڵی، هەربۆیە هەوڵەکانیان چڕکردۆتەوە کە بتوانن شەحنکەرەوەیەك چێ بکەن زۆر خێراتر لە ئەوانی دیکە مۆبایلەکەت شەحن بکاتەوە، بۆ نموونە تۆ نیازی ســـەفەرت هەیە و ئێســـتا بیـــرت هاتۆتەوە کە شـــەحنی مۆبایلەکەت دابەزیوە. بەهۆی ئامێری شەحنکەرەوەی جۆری Legion meter کە بەقەد فـــلاش میمۆرییەك دەبێت، هەتا تۆ خۆت ئامادە دەکەی، مۆبایلەکەت بۆ شەحن دەکاتەوە. واتە چەندین بەرامبەر خێراتر لە شەحنکردنەوەیەکی ئاسایی.

شـــەحنکەرەوەی ناوبراو لەگـــەڵ هەردوو سیســـتەمی ئەندرۆیـــد و ئەپـــڵ دەگونجێت، کارکردەکەی بەم شێوەیە کە زۆرترین ڕێژەی وزە لە ماوەیەکـــی کەمدا بۆ ئامێرەکە بەرێ دەکات. هەروەها لەسەر خودی شـــەحنکەرەوەکە شاشەیەك هەیە کە نیشانی دەدات باترییەکەت چەندی تێدایە و چەندی ماوە پڕیبێتەوە.

## بەم ئامێرە کەس لە دەرەوەی بازنە نییە




تەکنەلۆژیای مۆبایـــل هـــەر ڕۆژە و داهێنانێکی نوێ و هاندێکی نوێ بەخۆیـــەوە دەبینێ، بەڵام گرفتێك هەیـــە کە هیچ کام لە کۆمپانیاکانـــی بەرهەمهێنی مۆبایل بیریان لە چارەی نەکردۆتەوە، ئەویش نەبوونی هێڵ واتە (لە دەرەوەی بازنە بوون)ـە.

بەدوای گەردەلوولی سەندی لە ئەمریکا و شکان و تێکچوونی بورجەکانی گەیاندنی تۆڕی مۆبایـــل، کۆمپانیایـــەك بیری لە ڕێگـــە چارەیەك کردۆتەوە، ئەویـــش داهێنانی ئامێرێك بەناوی gotenna. ئەم ئامێرە ئەم خزمەتگوزارییەی هەیە کاتێك کە تۆڕەکانی مۆبایـــل لەکارکەوتن، بکرێت کورتەپەیام بەرێ بکەی و داوای یارمەتی بکەی، بەتایبەتی لەکاتی ڕووداني کارەساتی سروشتی وەك بوومەلـــەرزە، یان گەردەلوول و هەورە بروســـکە و لافاو مەودای بەرێکردنـــی کورتەپەیام لەو ئامێرەدا 80 کیلۆمەتـــرە، واتە بەبێ هیچ تێچوونێك ئەگەر کەســـێکی دیکە ئامێرێکی لەو چەشنەی هەبێت، دەتوانن کورتەپەیام بۆیەکتر بەرێ بکەن.

# خەوەکانیشتان بکەن بە دیجیتاڵی




خەوتان لێناکەوێت، کێشەی کەمخەویتان هەیە! یان تووشی خەوزڕان دەبیت! ئەمە وەك زۆر شتی دیکەی ئەم سەردەمە بە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بسپێرە. ئامێری sense تەکنەلۆژییەکی نوێیە لەباری زانستییەوەش سەلێمندراوە. ئەم ئامێرە تەکنەلۆژییە چاودێریی چۆنیەتی نووستنتان دەکات.

ئامێرێکە دیزاینێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و هیچ شوێنێکی ئەوتۆش لە ژووری خەوەکانتان ناگرێت.

ئەو ئامێرە ئامێرێکی بچووکی دیکەی لەگەڵە کە بە sleep pill واتە حەبی خەو ناسراوە، ئەم حەبی خەوە لە ژێر بالیف، یان لە نزیك شوێنی خەوتنەکە دادەندرێت. ئامێرێکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و زانیارییەکان بۆ مۆبایل بەرێ دەکات، بەهۆیەوە تێدەگەی کە چۆنیەتی خەوتنەکەت چۆن بووە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت: ئایا چۆن دەکرێت لە پرۆگرامی WORD دا زەرفی نامە و زەرفی تایبەتی چێ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز چێکردنی زەرفی نامە، یان زەرفی دیکە لە word 2013 و wordـەکانی دیکە هەیە، بەڵام هەرکامیان جیاوازە، لە 2013دا سەرەتا لەبەشی mailings کلیك لەسەر فەرمانی E-velopes بکە.

لەو بەشەی کە دەکرێتەوە لە ئەدرەسی Delivery address ناونیشانی وەرگر و لە بەشی return a-dress ناونیشانی بەرێکەر بنووسە. لە بەشی feed دەتوانی چۆنیەتی دانانی زەرفەکە دیاری بکەی، لەبەشی option گەورە و بچووکی پاکەتەکە دیاری بکە و پاشان print بکە.

# چۆنیەتی بلۆککردنی ئیمێلە نەخوازراوەکان لە جیمەیلدا

سپام (SPAM) یان ئیمێلی نەخوازراو یەکێکە لە گرفتی ئەو کەسانەی ئیمێل وەك بەڕێکردن و وەرگرتنی داتاکانیان بەکاردێنن، هاککەرەکانیش بۆ هاککردن لە دەروازەی ئیمێلەوە دێنە ژوورەوە، جار هەیە بێ ئەوەی کە ئیمێلێکت بۆ کەسێك ناردبێ، دەبینی سندوقی ئیمێلەکانت پڕبووە لەو ئیمیلانەی کە بەبێ ویستی بەکارهێنەر هاتوون. سپام (SPAM) هەم بۆ ئیمێلی یاهوو دێن و هەم بۆ ئیمێلی گوگل.. گەر تۆ یەکێکی لەبەکارهێنەرانی جیمێل واتە ئیمێلی گوگل دەتوانی لە پرۆگرامی BLOCK SENDER سوود وەربگری، پرۆگرامی ناوبراو لەگەڵ ئەوەیدا بەکارهێنان و دابەزاندنی ئاسانە، کێشەی ئیمێلی نەخوازراو ناهێڵێت. کاتێك داتبەزاند لە لاپەڕەی جیمیلەکەتدا فەرمانێکی نوێ بەناوی BLOCK SENDR MASSAGE زیاد دەبێت. هەروەها بەهۆیەوە دەتوانی لیستێکی ڕەش لەلاپەڕەیەکی جیادا چێ بکەی. تەنانەت دەتوانی وای ڕێك بخەی. بۆ نموونە ئەگەر لە ئیمێلێکتدا وشەیەکی نەشیاوت بینی وەك وشەی ناشیرین و جنێو هەر ئیمێلێك ئەم وشانەی تێدا بێت بلۆکی بکات. ئەگەر نیازت هەبێ یەکێکیش لە لیستی بلۆککردن دەربهێنی پێویستە فەرمانی UN-BLOCK لێبدەی.

# پرۆگرامێک بۆ چێکردنی دیسکتۆپی ٣٦٠ پلە



پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن بۆ چێکردن و جوانکردن و گەورەکردنی دیسکتۆپ، یان مێزی کار،یان بە واتایەکی دیکە شاشەی کۆمپیوتەر. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی Desktop360ە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی و خێرایی ئەوەی مەبەستتە لەسەر شاشە پێیدەگەی. بۆ ئەوانەی بەردەوام کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکەن و فایلەکانیان زیاتر لەسەر دیسکتۆپ خەزن دەکەن، ئەم پرۆگرامە گرنگی خۆی هەیە، چونکە دیسکتۆپەکەی زۆر گەورەتر دەبێتەوە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- خێرایی بەکارهێنەران بۆ دەست گەیشتن بە بەشەکانی ویندۆز.
- بەرینبوونەوەی دیسکتۆپەکەی بەهۆی ئەوە کە 360 پلەیە.
- گۆڕینی ستایلی دیسکتۆپ و تایبەتمەندی کردنی بۆ هەر بەکارهێنەرێك.



# لەم سایتەدا بەشێوەی زیندوو باخچەی ئاژەڵان ببینە

حەز دەکەی سەیری باخچەی ئاژەڵان بکەی، لە نزیکەوە گیاندارەکان ببینی و لەبارەیان زانیاری بزانی؟ ئەگەر حەزت لێیە سەردانی باخچەی ئاژەڵان بکەی، بەڵام لە ناوچەکەی تۆدا هیچ باخچەیەکی ئاژەڵان نییە و یان ئەگەر هەشە گیانداری کەمی تێدایە، ئەوە سەردانی سایتی atіonalZoo.si.edu بکە، سایتێك کە باخچەی ئاژەڵانی نیشتمانی «ئیسمیت سونین» لە واشنتۆن نیشان دەدات. لەم سایتەدا زانیاری ورد لەبارەی گیانداران، وێنە و ڤیدیۆی لەهەموو بەشەکانی باخچەکە هەیە. نە تەنیا ئەوە دەتوانیت بەهۆی ئەو کامێرایانەی دانراون و لەگەڵ ئینتەرنێت لە پەیوەندیدان بە زیندوویی باخچەکە ببینی.